هاتووچۆی هە‌ولێر راگەیەندراوێکی لەبارەی گۆڕانی کەش و هەوا بڵاوکردەوە ‏

ئە‌مرۆ شە‌ممە‌ ، بە‌ڕێوە‌بە‌رایە‌تی هاتووچۆی هە‌ولێر بە‌هۆی گۆڕانی کە‌شوهە‌وا و نزمبوونە‌وە‌ی پلە‌کانی گە‌رما ڕاگە‌یە‌نراوێکی گرنگی لە‌شێوە‌ی ڕێنمایی بۆ شوفێران بڵاوکردە‌وە‌ و ڕایگە‌یاندووە‌ ، لە‌کاتی بارینی تە‌رزە‌دا نابێت بە‌هیچ جۆرێك شوفێری بکرێت .

‏

‏بە‌ڕێوە‌بە‌رایە‌تی هاتووچۆی هە‌ولێر، دوا نیوە‌ڕۆی ئە‌مرۆ شە‌ممە‌ بە‌هۆی گۆڕانی چڕی کە‌شوهە‌واوە‌ ڕاگە‌یە‌نراوێکی بڵاوکردووە‌تە‌وە‌و ڕایگە‌یاندووە‌ ، ئە‌گە‌ری زۆرە‌ بارینی تە‌رزە‌ ناو سە‌نتە‌ری شاری هە‌ولیریش بگریتە‌وە‌ ، پێویستە‌ لە‌ کاتی بارینی تە‌رزە‌دا شوفێر ئۆتۆمبێلە‌کە‌ی بووە‌ستێنێت و شۆفیری نە‌کات ،چونکە‌ بارینی ووردە‌ بە‌فری بچووك کاریگە‌ری خراپ لە‌سە‌ر تایە‌کانی ئۆتۆمبێل دروست دە‌کات و مە‌ودای بینینش کە‌م دە‌بێتە‌وە‌ و کارە‌سات بە‌دوای خۆیدا دێنێت.

‏

‏هە‌ر لە‌ ڕاگە‌یە‌نراوە‌کە‌دا بە‌ڕێوە‌بە‌رایە‌تی هاتووچۆی هە‌ولێر ئە‌وە‌شی خستووە‌تە‌ڕوو ، پێویستە‌ شوفێران لە‌کاتی بارینی تە‌رزە‌دا ئۆتۆمبێلە‌کانیان ببە‌نە‌ شوێنێك کە‌ سە‌قفی هە‌بیت

یان بە‌ شتێك دایپۆشن تا ئۆتۆبیلە‌كانیان لە‌ زیانی بارینی تە‌رزە‌ی بە‌خوڕ بە‌دوور بێت .